گرێدراوە بە ئامانجی هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەوە، لەدوایشدا دەروازەیەکی گونجاوە لە چونە ژورەوەدا بۆ دوو پرسیارەکەی دوایی.

بێگومان، ئەم پرسیارە دەمانباتەوە بۆ تەماشاکردن لە سروشتی بیری ئەو کۆمەڵگە نوێیانە و تایبەتمەندییەکانی. بیری عارەبی نوێ هەڵگری تایبەتمەندیەکەکەلەبوونیادیدا گرێدراوی دوو کەلەپورە: کەلەپوری عارەبی ئیسلامی و کەلەپوری ئەوروپایی نوێ. گرێدراوی یەکەم بەحوکمی بەردەوامیی مێژوویی دامەزراوە شارستانییە عارەبیە ئیسلامییەکان و دامەزراندنەکەیەتی. گرێدراوی دووەم بەحوکمی پەیوەندییە بوونیادیەکانی کە نیشتیمانی عارەبی نوێی بەستوەتەوە بەناوەندی سەرمایەداری ڕۆژئاوایی گەورەوە. کەواتەبیری عارەبی نوێ بەستراوەتەوەبەبیری ئەورووپای نوێوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کراوەنییەبەڕویدا. ئاستەنگێکی زۆر هەیە لە بەردەمی ئەو کرانەوەیەدا، لەگەڵ زەرورەتی ئەو کرانەوەیدا بۆ ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و ڕزگاربوونی عارەب. کەماسیی هێزەکۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان لە وڵاتانی عارەبیدا لەبوونی ئامارازی نوێگەرێتیدا و وەتێپەڕاندنی شێوازەبیریەمیراتگرەکانی سەردەمەنزم و بێبایەخەکان، نەتوانین لە ڕوخانی ئەو دیوارانەی کەبیری عارەبی نوێ دەگوێزێتەوەبۆ ئەم دوو کەلەپوورە بەبێ کرانەوەی هوشیاری عارەبی نوێ، هەموو ئەمانەدەبنەهۆکار بۆ نەکرانەوەیەکی پێویستی ئاستەنگەکان لەبەردەمی ئەو هوشیارییە عارەبیەدا، دواجاریش بۆ پێکنەهاتنی هوشیاری و ئاگاییەکی سەردەمیانەی زیندو و کارا. لەبەرئەوەدەبینین بیری عارەبی نوێ بەهەموو ڕەنگەکانییەوەکۆبووەتەوەلەسەر هەڵوێستوەرگرتن لەو دوو کەلەپورە. فەلسەفەی ئەورووپا چەقیبەستوە لەسەر پەیوەندی نێوان خود و بابەت، بیری عارەبی نوێ لە هەڵوێستوەرگرتنە لەسەر کەلەپوری عارەبی ئیسلامی و کەلەپوری ڕۆژئاوای نوێو، چەقبەستوە لەسەر شێوازەکانی پەیوەندییەکانی ئەم دوو کەلەپورە بەخۆیەوە. «کەواتە بیری عارەبی نوێ، یان باشترە بڵێین بیری نوێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین یان جیهانی سێیەمدا، دەبێت چەقبەستێت لەسەر هەولوێستوەرگرتنێکی ڕەخنەگرانەو بەرجەستەبوونی ئەو ڕەخنەیەش لەواقیعدا بەرامبەر بەهەردوو کەلەپوورەکە (ڕۆژئاوایی و ئیسلامی)، ئەم ڕەخنەگرتنەش دەبێت شۆڕشگێڕانە و بوێرانەبێت و هەردوو کەلەپورەکە ڕەخنەبکات بەشێوازێک کەبتوانێت ڕۆشنگەریی بخاتەوەسەر ئەو سکەڕاستیەی خۆی کە مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستییە، کەلەپورە ئیسلامییەکەش بەجۆرێک ڕەخنە بکات کە دەستبەرداری بوارەکانی ژیان بێت تا هەموو بوورەکانی ژیان بتوانن لەسەر بناغەیەکی مرۆڤ دۆستانەکراوەبن بۆ کەلەپورە ڕۆژئاواییەکە، پەیوەندی نێوان هەردوو کەلەپورە کە ئۆرگانی بکرێت، واتە لەسەر بناغەی پەیوەندییەکی دایلێکتیکیانە مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن (من لێرەدا ڕەخنەی ئەوەم لەنوسەر هەیەکەباس لەکەلەپوری عارەبی دەکات، کەدەبووایەئاگادار بووایەلەوەی ئەو کەلەپورەتەنیا عارەبی نییە، دەبووایە لەجیاتی کەلەپوری عارەبی ئیسلامی کەلەپوری ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەکاربهێنایە، باشتریش چونکە کەلەپورێکی ڕۆژهەڵاتییە هەمووان بەشدارن یان بەرپرسن لە دۆگامیی ئەو کەلەپورە و نەکرانەوەی ئەو کەلەپورە بەڕووی کەلەپورە ڕۆژئاواییەکەدا)......وەرگێر».

دەتوانین بڵێین بیری عارەبی نوێ، لە پەیوەندیدا بەبیری ڕۆژئاوای نوێوە، لە نێوان سێ هەڵوێستدا لەنگەر دەگرێت: هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسی، هەڵوێستی ڕۆژهەلاتناسی پێچەوانە، هەڵوێستی ڕۆژئاواییناسی.

هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسی، ئەو هەڵوێستەیە کەپێدراوەکانی دامەزراوە لە ڕۆژهەڵاتناسیە ڕۆژئاواییەکانەوە و لە گوتارە بناغەییەکانییەوە دەربارەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەردوکیانەوەدەردەچێت. ئەمەهەڵوێستی نوێنەرانی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاواییە لە عارەب و ڕۆشنبیریی عارەبی نوێ. ئەم هەڵوێستە لە شارەزایی عارەبەوە بۆ ڕۆژئاوا نەهاتوە بەقەدەر ئەوەی هەڵقوڵاوی بەرزیخوازی ڕۆژئاوایە لەسامانی عارەب و ماڵی عەرەبی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم هەڵوێستەزۆر کاریگەری هەیەلەسەر ناوەندی بیری عارەبی نوێ. هەروەها ئەم مەسەلەیەلەهەڵوێستی ڕۆژهەلاتناسی پێچەوانەشدا هەروا کاریگەری گەورەی هەیە.

مەبەستمان لە ڕۆژهەڵاناسی پێچەوانە، هەڵوێستی سەلەفییەکانە کە هەموو کەلەپوری عارەبی ئیسلامی بەناوەڕۆکێکی پیرۆزداناوە هەروەها وەستانەوەش بەرامبەر بەم کەلەپورەیان دەستێوەردان و قسەکردن و ڕەخنەگرتن لەسەری بەسەرچاوەیەکی دوژمنکارانەی بەردەوام و هەتاهەتایی داناوە. قسەکردن و دەستێوردان و هاتنەناوەوەی هەر کەلەپورێکی تر بە لێکۆڵینەوەو واقیعیانە نابینێت و نایانخوێنێتەوە، بەڵکو بەنێگەتیف و بەوەسفکردنی بەدژێکی تەواو بۆ ناوەڕۆکە پیرۆزەکەی تەماشادەکات. پێویستی بەبەڵگەو ئۆرگۆمێنت نییە بۆ ناسینی ئەم هاتنەژورەوەی کەلەپور و بیری نوێ و ناسینی سەرچاوەکەی و واقیعەیەتی و لێکۆڵینەوەی زانستیانەلەسەری، بێچەندوچوون و پێشوەخت بەدژێکی شەیتانیانەی دەناسێت دژ بەناوەڕۆکی پیرۆز. کەواتەگریمانەیەکی پێشوەخت و ناسینێکی پێشوەخت و نەویستنێکی پێشوەختیان هەیە.

دواجار و دواهەمجارنا، هەڵوێستێکی ڕۆژئاواییناسیش هەیە (ژۆژئاواییناسی دژ بەڕۆژهەڵاتناسی). ئەم هەڵوێستەلەپێزانین و تێگەیشتنێکی مێژوویی جەماوەری عارەبیەوەسەرچاوەیگرتوەبۆ ڕۆژئاوا بەوەسفکردنی بەدوژمنێکی سەرکەوتو دەزانێت، کەشاراوەو نادیارە لە مۆرکە نوێگەرایەتیە دواینەهاتوەکەیدا، نەک تەنیا لەزاڵبوونی بەسەر هەموو جیهاندا بەڵکو لەهەژمونی ڕۆشنبیریدا بەسەریدا و دوبارەپێکهێنانەوەی بەو جۆرەی کەئامانجەکانی خۆی تیا بەدەیبهێنێت. لەبەرئەوە، خاوەنەکانی ئەم هەڵوێستەهەوڵئەدەن بۆ ناسینی دوژمن بەقبوولکردنی بیرەکەیان لەسەر بناغەیەکی ڕەخنەگرانەو زانستیانە، بەو وەسفەی ئەو بیرەڕۆژئاواییەشۆڕشێکەبەسەر شێوازی بەرهەمهێنانێکی هەزاران ساڵەپێش سەرمایەداری، وەدەربڕینێکەلەسەرمایەداریی و بەناوەندکردنی بەردەوامی سەرمایەداری. ڕۆئاوایناسان تێدەگەن لەوەی کەهوشیارییان پێوستەئامادەبکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕۆژئاواتێبگات و کەڵکی لێوەربگرێت، واتەقبوولکردنی بیری نوێی ڕۆژئاوا بەڕەخنەگرانەو زانستیانە. لەبەرئەوە، دەزانن کە رۆژئاواییناسی سەرچڵیەکی بیری و قورس پێکدەهێنێت و شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی بەردەوامەکەهوشیاری عارەبی باو هەڵدەوەشێنێتەوەو سەرلەنوێ پێکیدەهێنێتەوە. مەبەستیش لەمەدامەزراندنی عەقڵی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی عارەبی و واتا ئەم بزوتنەوەیە ببێت بەخاوەنی ئامرازە بیرییەکان، کەبەهۆیەوەدەتوانێت بکرێتەوە بۆ سەردەمێکی نوێ و کەلەپورەکەشی کە لەقوڵایی مێژووەوە هاتووە بکرێتەوە بەرامبەر بە کەلەپور و بیری نوێ لەجیهاندا.

* سەرچاوە: (حوار متمدن

